# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستـــانە - وەزارەتی داد دەری دەکـــات

ژمارە (١٣٦) چاپی یەکەم سالّی یازدەم ٣١/تشرینی یەکەم/٢٠١١ زاینیی ٩/گەلارێزان/٢٧١١کوردی ٤/ذوالحجة/١٤٣٢کۆچی

136

Waqaehi Kurdistan


لەم ژمارەیەدا :


**یاسای ژمارە (١٥)ی سالّی ٢٠١١** لا ١

یاسای جێبەجێ کردنی یاسای راژەو خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێراق

ژمارە (١٨)ی سالّی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان

**یاسای ژمارە (١٦)ی سالّی ٢٠١١** لا ٣

یاسای یەکەمین هەموار کردنی یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاّتیان

لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٧)ی سالّی ٢٠٠٨

**یاسای ژمارە (١٧)ی سالّی ٢٠١١** لا ٦

یاسای جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگا سزاییەکانی سەربازی عێراقی

ژمارە (٣٠)ی سالّی ٢٠٠٧ لەهەرێمی کوردستان – عێراق

**یاسای ژمارە (١٨)ی سالّی ٢٠١١** لا ٧

یاسای جێبە جێ کردنی یاسای سزایی سەربازی عێراقی ژمارە (١٩)ی سالّی ٢٠٠٧

لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**بڕیاری ژمارە (١٩)ی سالّی ٢٠١١ پەرلەمانی کوردستان – عێراق** لا ٨

قەبولکردنی دەست لەکار کێشانەوەی چوار ئەندامی پەرلەمان لە ئەندامیەتی لیژنەی نەزاهەت

**پەیرەوی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠١١ی ئەنجومەنی دادوەری** لا ٩

هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان - عیراق

ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٠٨

**پەیرەوی ژمارە (٦)ی سالّی ٢٠١١ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ١٣

پەیڕەوی ڕاژەو خانەنشینی پێشمەرگە تایبەت بە یاسای ژمارە (٣٨ سالّی ٢٠٠٧ )

**٩ بەیانی وەزارەتی تەندروستی** لا ١٨

**بەیانی ژمارە (٢٦) سالّی ٢٠١١ی وەزارەتی داد** لا ٢١



ناونیشـــان: هـەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالّەخـانەی وەزارەتی داد..

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان

**الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر من قبل وزارة العدل**

العدد ( ١٣٦ ) الطبعة الاولى السنة الحادي عشرة ٣١/تشرين الاول/ ٢٠١١ميلادي ٩/گەلاريزان/٢٧١١كوردي ٤/ذوالحجة/١٤٣٢هجري


## في هذا العدد:

**136**


**قانون رقم ( ١٥ ) لسنة ٢٠١١** ص ٢٢

قانون إنفاذ قانون الخدمة والتقاعد لقوى الأمن الداخلي العراقي رقم (١٨) لسنة ٢٠١١ في اقليم كوردستان – العراق

**قانون رقم ( ١٦ ) لسنة ٢٠١١** ص ٢٤

قانون التعديل الأول لقانون تأمين السكن للمواطنين في اقليم كوردستان – العراق رقم (٧) لسنة ٢٠٠٨

**قانون رقم ( ١٧ ) لسنة ٢٠١١** ص ٢٧

قانون إنفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي رقم (٣٠) لسنة ٢٠٠٧ في اقليم كوردستان – العراق

**قانون رقم ( ١٨ ) لسنة ٢٠١١** ص ٢٨

قانون إنفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي رقم (١٩) لسنة ٢٠٠٧ في اقليم كوردستان – العراق

**قرار رقم ( ١٩ ) لسنة ٢٠١١ برلمان كوردستان – العراق** ص ٢٩

قبول استقالة اربعة أعضاء برلمان من عضوية لجنة النزاهة

**نظام رقم ( ١ ) لسنة ٢٠١١ مجلس القضاء** ص ٣٠

تعديل النظام الداخلي لمجلس قضاء اقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٨

**تعليمات رقم ( ١ ) لسنة ٢٠١١ لرئاسة مجلس الوزراء** ص ٣٣

تعليمات اطفاء الاراضي الزراعية



No.:136 Date: October, 31 , 2011 Vol.: 11

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.



العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٠ -٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com



السعر ٧٥٠ دينار

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

### ژمارە ( ٢٨ ) ساڵی ٢٠١١

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لەدانیشتنی ژمارە (٤) لە ٢٠١١/١٠/٣ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

### یاسای ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠١١
### یاسای جێبەجێ کردنی یاسای ڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێراق
### ژمارە ( ١٨ )ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەکەم :**

جێبەجێکردنی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان – عێراق و کارکردن بە حوکمەکانی .

**ماددەی دووەم :**

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلە و پایەکانیان شوێنی دامەزراوە و فەرمانگەکانی فیدراڵ و خاوەن پلە و پایەکانیان دەگرنەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبن .

**ماددەی سێیەم :**

حوکمەکانی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ ، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان – عێراقیش دەگرێتەوە بە چاوپۆشی لەو لایەنەی کە پێوەی لکێنراوە .

**ماددەی چوارەم :**

جێبەجێ کردنی ماددەی (٥٧) لە یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق) هەمواردەکرێت و ئەمەی خوارەوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق جێی دەگرێتەوە :

(حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسانەش لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەگرێتەوە کە پاش ١٩٩١/١٠/٢٣ شەهید کراون ، ئەمەش بۆ مەبەستی مووچەی خانەنشینیەکەی و پاداشتی شەهیدبوونی لەسەر بنەمای مووچەی پلەکەی بە دوو پلە بەرزتر دەژمێردرێت) .

**ماددەی پێنجەم :**

لەسەر هەردوو وەزیری ناوخۆ و دارایی و ئابووری پێویستە ڕێنمایی هاوبەش بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکەن .

**ماددەی شەشەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەن پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی حەوتەم :**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن .

**ماددەی هەشتەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هـــەولـــێر :**

١٩/تشرینی یەکەم/٢٠١١ی زایینی .
٢٧/ڕەزبـــــــەر/٢٧١١ی کوردی .
٢١/ذوالـقـعـــده/١٤٣٢ی کۆچی .

## بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە ( ٢٩ ) ساڵی ٢٠١١

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە ٢٠١١/١٠/٤ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ١٦ )ی ساڵی ٢٠١١

## یاسای یەکەمین هەموار کردنی یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠٠٨

**ماددەی یەکەم :**

بڕگە یەك بە ڕیزبەندی (سێیەم) دەخرێتە سەر ماددەی دووەمی یاساکە و بەم جۆرەی دادێ :

(سێیەم: لایەنانی پەیوەندیدار پەیوەست دەبن بە دابین کردنی خزمەتگوزاریی بنەڕەتی بۆ یەکەکانی نیشتەجێ بوون .

**ماددەی دووەم :**

ماددەی سێیەمی یاسایەکە کە هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی دادێ دەخوێندرێتەوە :

داواکاری موڵك مەرجە کە :

**یەکەم :** دەبێ هاووڵاتی هەرێمی کوردستان – عێراق بێت و تێدا نیشتەجێ بێت .

**دووەم :** دەبێ خاوەنی شوقە یان خانوویەکی نیشتەجێ بوونی سەربەخۆ نەبێت .

**سێیەم :** دەبێ لە هیچ پرۆژەیەکی دیکەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمدا سوودمەند نەبووبێت .

**چوارەم :** دەبێ لە پێشینەی خانوبەرەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش دەکرێت ، سوودمەند نەبووبێت .

**ماددەی سێیەم :**

**یەکەم :** بڕگەی ( یەکەم ) لە ماددەی چوارەمی یاسایەکە هەڵدەوشێتەوە و ئەمەی دادێش جێی دەگرێتەوە :

(یەکەم : وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون فرۆشتنی یەکەی نیشتەجێ بوون (شوقە و خانووی نیشتەجێ بوون ) بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت رادەگەیەنێت و بەبێ دانی پێشەکی و داواش پێشکەش بە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان دەکرێت و ، بە گوێرەی پرەنسیپێك کە وەزارەت بە هەماهەنگی لە گەڵ پارێزگاکاندا دیاریی دەکات ، تەماشای داواکان دەکرێت) .

**دووەم :** بڕگەی (دووەم) ی ماددەکە هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی دادێ دەخوێندرێتەوە :

داواکاری موڵك هەقی کرێنی شوقە یان خانووی نیشتەجێ بوون دەکەوێتە ئەستۆیەوە بە قیستی مانگانە یان ساڵانە لە ماوەیەکدا کە لە بیست و پێنج ساڵ زیاتر نەبێت ، دەداتەوە .

**ماددەی چوارەم :**

بنەچەی ماددەی پێنجەمی یاسایەکە دەبێتە بڕگەی (دووەم) ی و سێ بڕگەشی بەرێزبەندی (یەکەم) و (سێیەم) و (چوارەم)ی بەم جۆرە دادێ دەخرێتە سەر :

**یەکەم :** حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ساڵانە بڕە پارەیەك لە چوارچێوەی بودجەی گشتیی هەرێمدا تەرخان دەکات بۆ دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بە مەبەستی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە .

**سێیەم :** سندووقێك بەناوی (سندووقی نیشتەجێ بوون) لە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ بووندا دادەمەزرێت و ساڵانەش ئەو بڕە پارەیەی دەخرێتە ناوەوە کە لە چوارچێوەی بودجەی گشتیی هەرێمدا تەرخان دەکرێت بۆ درێژەدان بە بنیاتنانی یەکەی نیشتەجێ بوون و خاوەن کەسایەتیی مەعنەوییە و بە پەیڕەوێك ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرۆکایەتییەکەی و چۆنیەتی دەرکردنی بڕیارەکانی دیاری دەکرێن .

**چوارەم :** ئەو بڕە پارانەی بە گوێرەی ئەوەی لە ماددەی (چوارەم/ دووەم) لەم یاسایەدا هاتووە ، دەخرێنە سندووقەکەوە .

**ماددەی پێنجەم :**

ماددەی شەشەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی دادێ دەخوێندرێتەوە :

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ بوون پەیوەست دەبێت بە دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون (شوقە لە ناوەندی پارێزگاکان) و (شوقە و خانووی نیشتەجێ بوون لە قەزاو ناحیەکاندا) و رادەست دانیان لە ماوەیەکدا کە لە دوو ساڵ تێپەڕ نەکات لە رۆژی دەست بە بینا کردنی یەکەکانی نیشتەجێ بوونەوە .

**ماددەی شەشەم :**

ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی دادێ دەخوێندرێتەوە :
شوقە یان خانووی نیشتەجێ بوون بەناوی داواکاری موڵکەوە لە فەرمانگەی تایبەتمەندی تۆماری خانووبەرە (تاپۆ)دا وەك ساغە موڵك و رەهنکراوە بە رەهنێکی دڵنیایی کە لە بەرژەوەندی وەزارەت تۆمار دەکرێت تا کاتی دانی دوایین قیستی هەقەکەی لەگەڵ رەچاو کردنی برگەی (سێیەم) لە ماددەی (چوارەم)ی ئەم یاسایە .

**ماددەی حەوتەم :**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار هەر یەك بە پێی پسپۆرایەتی خۆی پەیرەو و رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەر بکەن .

**ماددەی هەشتەم :**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبە جێ بکەن .

**ماددەی نۆیەم :**

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هـــــەولـــێر :**

١٩/تشرینی یەکەم/٢٠١١ی زایینی .
٢٧/رەزبــــــــەر/٢٧١١ی کوردی .
٢١/ذوالـقـعـــــدە/١٤٣٢ی کۆچی .

## هۆی دەرچوونی

هەموو کەسێك مافی ئاستێکی گوزەرانی هەیە کە بەشی ژیانێکی شکۆمەندانە بکات لە نێویاندا نیشتەجێ بوون و لە پێناو دابین کردنی خانووی گونجاو بۆ هاوولاتیانی هەرێم ئەوانەی کەم دەرامەتن بەبێ ئەوەی هیچ پێشەکییەك بدەن و ، بۆ چارەسەر کردنی قەیرانی نیشتەجێ بوون بەوەی حکومەتی هەرێم یەکەی نیشتەجێ بوون دروست بکات ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی كوردستانی عێراق**

**سەرۆكایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٣٠ ) ساڵی ٢٠١١**

بـە پێـی ئـەو دەسـەلاَتەی لـە بڕگـەی (١)ی مـاددەی (١٠)ی یاسـای سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردسـتان – عێـراق ی ژمـــارە (١)ی ســـاڵی ٢٠٠٥ی هـــەموار كـــراو پێمـــان دراوە و ، بـــە پاڵپـــشتی ئـــەو یاســـاكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە ٢٠١١/١٠/٤ بڕیارماندا بە دەركردنی :

**یاسای ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ٢٠١١**

**یاسای جێبە جێ كردنی یاسای بنەمای دادگا سزاییەكانی سەربازی عێراقی**

**ژمارە ( ٣٠ )ی ساڵی ٢٠٠٧لە هەرێمی كوردستان – عێراق**

**ماددەی یەكەم :**

جێبەجێ كردنی یاسای بنەمای دادگا سزاییەكانی سەربازی عێراقی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی كوردستان – عێراق و كاركردن بە حوكمەكانی سەبارەت بە هێزەكانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) .

**ماددەی دووەم :**

دامەزراو و فەرمانگەكانی هەرێم و خاوەن پلەو پایەكانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدرالیەكان و خاوەن پلەو پایەكانیان دەگرنەوە لە هەرشوێنێكی یاساكەدا هاتبن .

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبە جێ بكەن .

**ماددەی چوارەم :**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێ كە لەگەل حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بن .

**ماددەی پێنجەم :**

ئەم یاسایە پاش تێپەڕبوونی (سی) ڕۆژ لەرۆژی بلاْوكردنەوەی لە رۆژنامەی فـەرمی (وەقـایعی كوردسـتان)دا جێبـە جـێ دەكرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**هـــەولـــێر :**

١٩/تشرینی یـەكـــەم/٢٠١١ی زایینی .

٢٧/رەزبـــــــــەر/٢٧١١ی كوردی .

٢١/ذوالـقـعـــدە/١٤٣٢ی كۆچی .

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆک**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٣١ ) ساڵی ٢٠١١**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە ٢٠١١/١٠/٤ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( ١٨ )ی ساڵی ٢٠١١**

**یاسای جێبەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی عێراقی**

**ژمارە ( ١٩ )ی ساڵی ٢٠٠٧لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم :**

جێبەجێ کردنی یاسای سزایی سەربازی عێراقی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان – عێراق و کارکردن بە حوکمەکانی سەبارەت بە هێزەکانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) .

**ماددەی دووەم :**

دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلەو پایەکانیان شوێنی دامەوزراو و فەرمانگە فیدرالیەکان و خاوەن پلەو پایەکانیان دەگرنەوە لە هەرشوێنێکی یاساکەدا هاتبن .

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبە جێ بکەن .

**ماددەی چوارەم :**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن .

**ماددەی پێنجەم :**

ئەم یاسایە پاش تێپەڕبوونی (سی) ڕۆژ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر :**
١٩/تشرینی یەکەم/٢٠١١ی زایینی .
٢٧/ڕەزبەر/٢٧١١ی کوردی .
٢١/ذوالقعدە/١٤٣٢ی کۆچی .

## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمـارە : ١٨١٧ لـە ٢٠١١/١٠/٣١**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیاری ژمارە ( ١٩ ) ساڵی ٢٠١١

پشت بـەحوكمی مـاددە (٣٨) پێـرەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو و دوابەدوای بڕیـاری ژمـارە (١)ی رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٦ . پەرلـەمان لەدانیـشتنی ژمـارە (٩)ی رۆژی ٢٠١١/١٠/٢٥ بڕیاری ئەمانەی خوارەوەیدا :

**یەكەم :** قەبووڵكردنی دەست لـەكار كێـشانەوەی ئـەم ئەندامـە بەڕێزانـەی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق لـە ئەندامیەتی لیژنەی نەزاهەت :

١- د. بشیر خلیل حداد .
٢- عبدالقادر اكرام جمیل عبدالصمد .
٣- سەرهەنگ فرج محمد محمود .
٤- د. سەروەر عبدالرحمن عمر .

**دووەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی (٢٠١١/١٠/٢٥) وە جێبەجێ دەكرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردسـتان) دا بڵاودەكرێتەوە .

**محمد قادر عبدالله**
**( د.كەمال كەركووكی )**
**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ئــــە نجـــومـــەنـــى دادوەری**

**ژمارە : ٢٢٠٠ لە ٢٠١١/١٠/١٩**

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی شەشەم لە مادده /٣٤ لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان / عیراق ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە :-

## پەیرەو ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١
## هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان / عیراق
## ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨

**مادده (١)** / مادده / ٦ لە فەسلی شەشەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی دادوەری هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە :-

**مادده (٦) :**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە یاسا هەبێت و بەلایەنی کەم پانزە ساڵ خزمەتی هەبێت وە لە سەر پاڵاوتنی لە لایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە دادەمەزرێ وە ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن و ڕێکخستنی کاری ئەنجومەن و ئامادەکردنی بەرنامە و پوختەکردنی مەسەلە بەر چاوخراوەکان و پێڕاگەیاندنی بڕیارەکانی و کارە کارگێریەکانی تر دەگرێتە ئەستۆ وە ئەم بەڕێوەبەرایەتیەی خوارەوە پێوە دەلکێنرێ :-

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دادوەران / فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن / وە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە پێك دێت لەو پێکهاتانەی خوارەوە :-

١- بەشی خۆیەتی دادوەران :-

أ/ هۆبەی خۆیەتی .

ب/ هۆبەی دۆسیەکان .

ج/ هۆبەی کۆمپیوتەر .

د/ هۆبەی شاند و سەفەر بۆ دادوەران .

٢- بەشی پۆلین گۆڕین و پلە بەرزی :-

أ- هۆبەی پلە بەرزی .

ب- هۆبەی پۆلین گۆڕین .

ج/ هۆبەی توێژینەوەکانی یاسایی .

٣- بەشی میلاكات :-

أ/ هۆبەی میلاكات .

ب/ هۆبەی دامەزراندن و كاروباری خانەنشینی .

**مادده** ( ٢ ) / مادده / ٧ لە فەسلی حەوت لە پەیڕەوی ئاماژەپێ كراو هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە :-

**مادده** ( ٧ ) :

پێكهێنانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە لە ئەنجومەن وە بەسەرۆك وە یاخود بە یەكێ لە جێگرەكانی و یان بە دادوەرێك وە یان بە بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی ئەنجومەن دەسپێردرێت پاش پێدانی دەسەڵات لە لایەن سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەریەوە :-

**یەكەم** : بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەی سەرۆكی ئەنجومەن / فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی بكالۆریۆسی هەبێت لە یاسا و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن وە بەشی خامەی نهێنی سەر بەم بەڕێوەبەرایەتیە دەبێت .

**دووەم** / بەڕێوەبەرایەتی كاروباری فەرمانبەران .

١- بەشی كاروباری فەرمانبەران :-

أ- هۆبەی خۆیەتی فەرمانبەران .

ب- هۆبەی دۆسیەكان .

ج- هۆبەی چاپ .

د- هۆبەی دەرچوو و هاتوو .

٢- بەشی میلاكات :-

أ- هۆبەی دامەزراندن .

ب- هۆبەی خانەنشین .

٣- بەشی پلە بەرزی :-

أ/ هۆبەی پلە بەرزی .

ب/ هۆبەی هەژماركردنی خزمەت .

**سێ یەم** / بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی :-

١- هۆبەی کارگێری .

٢- هۆبەی کۆگا .

٣- هۆبەی هونەری .

٤- هۆبەی چاککردنەوە .

٥- هۆبەی پرسگە .

**چوارەم** / بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندی ڕاگەیاندن – وەپێك دێت لە :-

١- هۆبەی ڕاگەیاندن .

٢- هۆبەی گۆڤار .

٣- هۆبەی کتێبخانە .

٤- هۆبەی IT .

**پێنجەم** / بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و کاروباری یاسایی – وەپێك دێت لە :-

١- هۆبەی لیژنەی تەنسیق لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری باڵا .

٢- هۆبەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم .

٣- هۆبەی پەیوەندییەکانی ناوەوەی هەرێم .

٤- هۆبەی وەرگێران .

٥- هۆبەی کاروباری یاسایی .

**شەشەم** / بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی – وەپێك دێت لە :-

١- هۆبەی ژمێریاری .

٢- هۆبەی مووچە .

٣- هۆبەی بودجە .

٤- هۆبەی خانەنشین .

٥- هۆبەی خەرجیەکان .

٦- هۆبەی بەدواداچوون .

٧- هۆبەی چاپ .

**حەوتەم** / بەڕێوەبەرایەتی كاروباری ووردبینی – وە پێك دێت لە :-

١- هۆبەی ووردبینی .

٢- هۆبەی دەستەی ووردبینی .

**هەشتەم** / بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئامار – وە پێك دێت لە :-

١- هۆبەی پلان .

٢- هۆبەی ئامار .

٣- هۆبەی پرۆژەكان .

**مادده** ( ٣ ) / ئەم پەیڕەوە جێ بە جێ دەكرێت لە ڕێكەوتی بڕیاردان لەسەری لە لایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە لە ٢٠١١/٩/١٣ وەبڵاودەكرێتەوە لە ڕۆژنامەی (وقایعی كوردستان) .

**أحمد عبدالله زبير**
**سەرۆكی ئە نجومەنی دادوەری**

**سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمـــارە : ٢٥١٨لـــــە ٢٠١١/١٠/١١**

## پەیرەوی ژمارە ( ٦ ) ی ساڵی ٢٠١١

پەیڕەوی (نیزامی ) ڕاژەو خانەنشینی پێشمەرگە تایبەت بە یاسای ژمارە (٣٨ ساڵی ٢٠٠٧ )

پشت بەستن بە ئەحكامی ماددەی (٥٠) لە یاسای ڕاژەو خانەنشینی پێشمەرگە ژمارە (٣٨) ی ساڵی ٢٠٠٧

**ماددەی یەكەم**

**یەكەم :** هەرێم : هەرێمی كوردستان- عێراق ٠

**دووەم :** فەرماندەی گشتی (سەرۆكی هەرێم) : فەرماندەی گشتی هێزەكانی پێشمەرگەیە.

**سێیەم :** حكومەتی هەرێم : حكومەتی هەرێمی كوردستان .

**چوارەم :** فەرماندەیی گشتی هێزەكانی پێشمەرگە : دەسەڵاتی باڵای پێكهاتەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستانە.

**پێنجەم :** هێزی پێشمەرگەی كوردستان : بریتی یە لە هەموو پێكهاتەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان هـەر لـە پێشمەرگەوە تاكو دەگاتە بەرزترین پلەی سەربازی .

**شەشەم :** وەزارەت : وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان .

**حەوتەم :** وەزیر : وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان .

**هەشتەم :** شۆڕش: قۆناغێكە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان كە لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١وە دەست پێدەكات.

**نۆیەم :** پێشمەرگە : ئەو خەبات گێرە سیاسی و چەكدارەیە بەشداری لە شۆڕشی رزگاریخوازی كوردستاندا كردبێت بۆ بەدیهێنانی مافە دیموكراتی ونەتەوەییەكانی گەلی كوردستان وئەوانەی دەچنەپاڵ ریزەكانی هێزی پێشمەرگە

**دەیەم :** خانەنشین : ئەو پێشمەرگەیە كە بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە مافی خانەنشینی هەیە .

**یازدەم :** مووچەی خانەنشینی : ئەو مووچەیەیە كە بە پێی حوكمـەكانی ئـەم یاسـایە لـە كـاتی خانەنـشینی بـۆ پێشمەرگە خەرج دەكرێت .

**دووانزدەم :** مووچە : مووچەی بنەڕەتی دوا مانگ كە پێشمەرگەی بەردەوام لە خزمەت بە پێی پلەو پایەكەی وەری دەگرێت .

**سێنزدەم :** مووچەی تەواو : مووچە بە دەرماڵەوە .

**چواردەم :** مافی خانەنشینی : ئەو مافانەیە كە خانەنشین كراو یان میرات گرانی دەیان كەوێ .

**ماددەی دووەم**

ماوەی خزمەت بۆ پێشمەرگە لە یەكەكانی هێزی پێشمەرگە پێش و دوای ١٩٩١/٣/٥ هەژمار دەكرێت بـۆ گـشت مەبەستەكانی (خانەنشین ، سەر مووچە ، پلە پێدان و بەرز كردنەوە و مۆڵەت) .

**ماددەی سێیەم**

ماوەی خزمەت لە پێش ١٩٩١/٣/٥ بە دوو چەندانە هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی خانەنشین بە پێی ماددەی دەیەم بڕگەی دووەم لە یاسای ڕاژەو خانەنشینی پێشمەرگە ژمارە ( ٣٨ساڵی ٢٠٠٧) .

**ماددەی چوارەم**

پێشمەرگە لە کاتی ئینتدابوونی لە دەرەوەی وەزارەت خزمەتەکەی بە خزمەتی سەربازی دەژمێردرێ بۆ گشت مەبەستەکان .

**ماددەی پێنجەم**

ماوەی خوێندن لە کۆلیژ و پەیمانگەکان بەر لە پێشمەرگایەتی کە پێشمەرگە بە هۆیەوە بڕوانامەی وەرگرتووە بۆ ئەفسەران بە خزمەت دادەنرێ تەنها بۆ خانەنشین کردن .

**ماددەی شەشەم**

پاش دەر چوونی بڕیاری ئەژمارکردنی ڕاژەی پێشمەرگە و ئەفسەر و فەرمانبەران پێویستە لایەنی پەیوەندیدار هەڵسێ بە ڕاستکردنەوەی (پلە و سەرمووچە و مۆڵەت و خانەنشین) لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیار .

**ماددەی حەوتەم**

ئەگەر پێشمەرگە دامەزرا یان گوێزرایەوە بۆ وەزیفەیەکی تر ، مافی ئەوەی هەیە خزمەتەکەی بخاتە سەر وەزیفە نوێیەکە بۆ هەموو مەبەستەکان و پێچەوانەی ئەمەش قەبوول ناکرێ تەنها لە حالەتی خانەنشین کردن نەبێ و ئەمەش بە پێی یاسای ڕاژەی مەدەنی دەبێ .

**ماددەی هەشتەم**

دەرماڵە و مووچە و سەرە مووچەی ساڵانەی پێشمەرگە و ئەفسەر و فەرمانبەرانی وەزارەت بە پێی هەمان یاسا کار پێکراوەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق دەبێ تا یاسایەکی تایبەتی بۆ دەردەکرێ .

**ماددەی نۆیەم**

هەموو ئەو کارمەندانەی (ئەفسەر و پلەدارو سەرباز و فەرمانبەرانەی) کەلە وەزارەتی پێشمەرگە کاردەکەن لە ماف و ئیمتیازات و ئەرکدا بە پێشمەرگە دادەنرێن بە پێی ئەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکرێ .

**ماددەی دەیەم :**

دەرماڵەی ترسناکی کە بۆ کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە سەرف دەکرێ

(فەرمانبەرانیش) دەگرێتەوە بە پێی ئەم خشتەیە :

| | |
|---|---|
| ١- پلە ١٠ تا ٧ | ٢٠٠,٠٠٠ |
| ٢- پلە ٦ تا ٤ | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ٣- پلە ٣ تا ٢ | ٤٠٠,٠٠٠ |
| ٤- پلە ١ | ٥٠٠,٠٠٠ |

**ماددەی یانزە :**

مەرجەكانی پلە بەرزكردنەوە و پێشخستن و سزاو مۆڵەتەكان بە پێی یاسا كارپێكراوەكانی دەوڵەتی عیراقـی فیـدراڵ دەبێ ، تا ئەو كاتەی یاسای تایبەتیان بۆ دەردەچێ بە ڕەچاو كردنی ماددەی پێنجەم لـە یاسـای ڕاژەو خانەنـشینی پێشمەرگە ژمارە (٣٨) .

**ماددەی دوازدە :**

ئەفسەر ئەگەر ماوەی پلە بەرزكردنەوەی تەواو كرد پلەكەی بەرز نەكرایەوە لەبەر نەبوونی میلاك مووچەی پلەكەی بۆ سەرف دەكرێ لە ڕۆژی شایستە بوونی بە پلە بەرزكردنەوەكەی تا ئەو كاتەی شوێنی بۆدیاری دەكرێ .

**ماددەی سیانزە :**

دامەزراندنی سەربازی خۆبەخش بە فەرمانی وەزیری پێشمەرگە یان ئەوەی دەسەڵاتی پێدەدات بـەم مەرجانـەی لای خوارەوە :-

١- پێشكێشكردنی داواكاری دامەزراندن لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی تاكەكان و خۆبەخشەكان لە پارێزگاكان دەبێ بە پڕكردنەوەی فۆڕمی تایبەت بە دامەزراندنی سەربازی خۆبەخش كەبە پێـی ڕێنمـایی تایبـەت لـە لایـەن وەزارەتـی پێشمەرگە دەردەكرێ .

٢- پشكنینی پزیشكی بۆ بكرێ .

٣- ئەبێ كاری یاسایی لە (گرێبەستی دامەزران +كفالە+بەڵێننامە) ئەنجام بدات .

**ماددەی چواردە :**

پلە پێدان بە فەرمانی وەزیری پێشمەرگە یان ئەوەی دەسەڵاتی پێدەدات بەم مەرجانەی لای خوارەوە :-

١- خۆبەخش دادەمەزرێ بە پلەی سەربازی خۆبەخش .

٢- دەكرێ پلەیەك بەرزتر یان زیاتری پێ بدرێ پاش دەرچوونی لە یەكێك لە خولەكان یان خوێندنگا سەربازیەكان .

٣- وەزیر بۆی هەیە پلە بە سەربازی خۆبەخش بدات پاش دامەزراندن تا جێگری ئەفسەر بە مەرجێ دەرچوانی (٩)ی بنەڕەتی لە جێگری ئەفسەری دەرەجە (٦) تێنەپەری و دەرچوانی ئامادەیی و پەیمانگاكان تا جێگری ئەفسەری دەرەجە (١) بێت .

٤- پلە بەرزكردنەوەی پێشمەرگەی خۆبەخش :-

| | | |
|---|---|---|
| ١- سەرباز | (١) ساڵ | |
| ٢- سەربازی یەکەم | (٢) ساڵ | |
| ٣- جێگری عریف | تا جێگری ئەفسەری پلە (٢) | سێ (٣) ساڵ |
| ٤- جێگری ئەفسەری پلە (٢) | تا جێگری ئەفسەری پلە نایاب | دوو (٢) ساڵ |

**ماددەی پانزە :**

گواستنەوەی پێشمەرگە لە سنفێکەوە بۆ سنفێکی تر بە هەبوونی :-

١- شارەزایی

٢- میلاکاتی هەردوو سنف ڕازی بێت

٣- خولی تایبەت ببینێ

**ماددەی شانزە :**

کۆتایی هێنان :-

١- وەزیر بۆی هەیە کۆتایی بە راژەی سەربازی خۆبەخش بێنێ لەسەر پێشنیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەگەر دەرکەوت کە پابەند نی یە بە دیسپلین و ئادابی سەربازی .

٢- وەزیر بۆی هەیە کۆتایی بە ڕاژەی سەربازی خۆبەخش بهێنێ ئەگەر ماوەی ڕاژەکەی تەواو کرد ئەمیش لەسەر داوای خۆی بە پێچەوانەوە ڕاژەکەی بە بەردەوام دادەنرێ و جێگر دەکرێ .

**ماددەی حەڤدە :**

ناوەڕۆکی فۆڕمی خزمەت و خانەنشینی پێشمەرگە کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشمەرگە و کەم ئەندامان وەك لایەنی ڕاستەوخۆ و بەرپرس لە دابین کردنی ماف و ئیمتیازاتی خانەنشینی پێشمەرگە و کەم ئەندامان دروست کراوە و لە یەکەکەی پڕ دەکرێتەوە بە بنەما دادەنرێ بۆ جێبە جێ کردنی مامەڵەی خانەنشینی بە مەرجێ زانیارییەکانی ڕاست بێ بە پێچەوانەوە ئیجرائاتی یاسایی وەردەگیرێ

**ماددەی هەژدە :**

خانەنشینی پێشمەرگەی خۆبەخش تا ئاستی جێگری ئەفسەری نایاب بە فەرمانی وەزیر یان ئەوەی کە کە دەسەڵاتی پێدەدات خانەنشین دەکرێ .

**ماددەی نۆزدە :**

گەڕانەوەی پێشمەرگەی خۆبەخش لەسەر داوای خۆی و ڕەزامەندی یەکەکەی دەبێ بە پێی میلاك و بە فەرمانی وەزاری .

**ماددەی بیست :**

لە کاتی تووشبوونی بە نەخۆشیەك ڕێ لە بەردەوام بوونی لە خزمەتەکەی بگرێ بە مەرجێ ڕێژەی پەککەوتەییەکەی (عجز) لە (٥٠٪) کەمتر نەبێ موچەی خانەنشینی بۆ دەبڕێتەوە بەپێی سالانی خزمەتەکەی لە هەر کاتێکدا نابێ مووچەکەی لە نیوەی دوا مووچەی تەواوی خۆی کە وەری دەگرێ کەمتر بێت .

**ماددەی بیست و یەك :**

لیژنەی پزیشکی پسپۆر لە لایەن وەزارەتی پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی دادەنرێ بۆ تەماشا کردنی هەموو ئەو داواکاریانەی کە تایبەتە بە دیاری کردنی ڕێژەی پەککەوتەیی .

**ماددەی بیست و دوو :**

پاداشتی خانەنشین سەرف دەکرێ بۆ هەموو ئەو خانەنشینانەی کە یاسای ڕاژەو خانەنشینی پێشمەرگە ژمارە (٣٨) دەیانگرێتەوە بە مەرجێ پێشتر سوودمەند نەبووبن لەم پاداشتەی خانەنشین .

**مادده بیست و سێ :**

پێشمەرگەی کۆچ کردوو لە کاتی پێشمەرگایەتی خانەنشین دەکرێ بە پێی یاسای ژمارە (٣٨)ی خانەنشینی پێشمەرگە و مووچەی بۆ دەبڕێتەوە لە کاتی پێشکەش کردنی داواکەی ئەگەر لە (٣) ساڵ زیاتر دوا کەوتبوو مووچەی بۆ وارسەکەی دەبڕێتەوە بە ڕەچاو کردنی ئەم خالآنەی خوارەوە :-

١- خێزانی لە ژیاندا مابێ و شووی نەکردبێتەوە .

٢- منداڵی لە خوار تەمەنی (١٨)ساڵی دابێ یان قوتابی بێت بەردەوام بێت لە خوێندن و موچەی تری نەبێ .

٣- باوك و دایکی ئەگەر لە ژیاندا بێت .

٤- کچی شووی نەکردبێ یان بێوەژن بێت و هیچ مووچەیەکی تری نەبێ .

**ماددەی بیست و چوار :**

مەبەست لە دوا مووچە (دوا مووچەی تەواوە) وەك لە ماددەی یەکەم بڕگەی سێزدەم پێناسە کراوە .

**ماددەی بیست و پێنج :**

مووچەی خانەنشینی پێشمەرگە بە پێی سیستەمی مووچەی کارپێکراوی وەزارەتی پێشمەرگە دەبێت .

**ماددەی بیست و شەش :**

ئەم پەیڕەو لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاّودەکرێتەوە .

**د. بەرهەم ئەحمەد سالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتـــــــی تـــەنــــدروســـتی**

**ژمارە : ٨٧-٨٨-٨٩ لە ٢٠١١/١٠/١٦**

## بـــەيـــان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

- گۆڕینی ناوی (کۆمەڵگەی تايبەتی پزيشكی ددان) بۆ (کۆمەڵگەی تايبەتی پزيشكی ددانی فێرکاری) لە فەرمانگەی تەندروستی دهۆك .
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەيانە .

**د.طاهر عبدالله هەورامی**
**وەزيری تەندروستی**

---

## بـــەيـــان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١. كردنەوەی (هۆبەی پلان) لە بەڕێوەبەرايەتی تەندروستی دەربەنديخان سەر بە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی .
٢. گۆڕينی ناوی (يەكەی ئامار) بۆ (هۆبەی ئامار) لە بەڕێوەبەرايەتی تەندروستی دەربەنديخان سەر بە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی .
٣. لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەيانە .

**د.طاهر عبدالله هەورامی**
**وەزيری تەندروستی**

---

## بـــەيـــان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

- گۆڕينی ناوی (نەخۆشخانەی فرياكەوتن) بۆ (نەخۆشخانەی فرياكەوتنی نەشتەرگەری) سەربە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی .
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەيانە .

**د.طاهر عبدالله هەورامی**
**وەزيری تەندروستی**

**وەزارەتـــی تـــەنـــدروســـتی**

**ژمارە : ٩٠-٩١-٩٢ لە ١٦-٢٠١١/١٠/١٧**

## بـــەيـــان

بەپێی ئەو دەسەلاَتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

- گواستنەوەی (بنکەی تەندروستی چرچە قەلاَ) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دەربەندیخانەوە بۆ سەر بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان .
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**د.طاهر عبدالله هەورامی**
**وەزیری تەندروستی**

---

## بـــەيـــان

بەپێی ئەو دەسەلاَتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی پیرمام) لە ناحیەی صلاح الدين لە قەزای شەقلاوە .
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**د.طاهر عبدالله هەورامی**
**وەزیری تەندروستی**

---

## بـــەيـــان

بەپێی ئەو دەسەلاَتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی (یەکەی کۆئەندامی هەرس و جگەر) لە ناو نەخۆشخانەی منالاَنی فێرکاری سلێمانی .
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**د.طاهر عبدالله هەورامی**
**وەزیری تەندروستی**

وەزارەتـــی تەنـــدروســتی

ژمارە : ٩٣-٩٤-٩٥ لە ١٧-١٨/١٠/٢٠١١

## بـــەيـــان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی (هۆبەی ئامێرە پزیشکیەکان) لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی .
- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

د.طاهر عبدالله هەورامی

وەزیری تەندروستی

---

## بـــەيـــان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ئەم بەشانەی خوارەوە لە بەڕێوەبەرایەتی کردە پزیشکییەکان :

١. بەشی بانکی خوێن .

٢. بەشی فریاگوزاری خێرا.

٣. بەشی سەنتەری کردەکان .

- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

د.طاهر عبدالله هەورامی

وەزیری تەندروستی

---

## بـــەيـــان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی (بەشی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی دیزانی دەزگا تەندروستیەکان) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی .

لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

د.طاهر عبدالله هەورامی

وەزیری تەندروستی

**وەزارەتـــــــــــــی داد**

**ژمارە : ١٧٣٧ لە ٢٠١١/١٠/٢٠**

## بەیانی ژمارە ( ٢٦ )

بــەپێی ئــەو دەســەڵاتەی پێمــان دراوە لـــە (مـــاددەی نۆیـــەم / بڕگــە دوو) لـــە یاســـای وەزارەتـــی داد ژمـارە (١٣ی سـاڵـی ٢٠٠٧) بـڕیـارمـانـدا بـە :-

کردنەوەی هۆبەی (ڕێپێدان) لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکانی هەولێر .

**دادوەر**

**رؤوف رشـــــید**

**وەزیـــــری داد**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم ( ٢٨ ) لسنة ٢٠١١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان –العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٤) في ٢٠١١/١٠/٣ قررنا إصدار :

**قانون رقم ( ١٥ ) لسنة ٢٠١١**
**قانون إنفاذ قانون الخدمة والتقاعد لقوى الأمن الداخلي العراقي**
**رقم ( ١٨ ) لسنة ٢٠١١ في اقليم كوردستان – العراق**

**المادة الأولى :**

إنفاذ قانون الخدمة و التقاعد لقوى الأمن الداخلي العراقي رقم (١٨) لسنة ٢٠١١ في اقليم كوردستان – العراق والعمل بأحكامه .

**المادة الثانية :**

تحل مؤسسات ودوائر الاقليم و شاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية و شاغلي المناصب أينما ورد ذكرها في القانون .

**المادة الثالثة :**

تسري أحكام قانون الخدمة و التقاعد لقوى الأمن الداخلي العراقي رقم (١٨) لسنة ٢٠١١ على قوى الأمن الداخلي لاقليم كوردستان – العراق بصرف النظر عن الجهة المرتبطة بها .

**المادة الرابعة :**

يعدل تطبيق المادة (٥٧) من القانون رقم (١٨) لسنة ٢٠١١ قانون الخدمة والتقاعد لقوى الأمن الداخلي العراقي ويحل محلها في اقليم كوردستان –العراق الآتي :

(تسري أحكام هذا القانون على من استشهد بعد ١٩٩١/١٠/٢٣ من أفراد قوى الأمن الداخلي والاسايش لغرض احتساب راتبه التقاعدي ومكافأة الاستشهاد على أساس راتب رتبته برتبتين أعلى) .

**المادة الخامسة :**

على وزيري الداخلية والمالية والاقتصاد اصدار تعليمات مشتركة لتنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة السادسة :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة السابعة :**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض و أحكام هذا القانون .

**المادة الثامنة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان – العراق**

**هـــــەولـــير :**

١٩/تشرين الاول /٢٠١١ى ميلادية .
٢٧/رەزبـــــــــەر/٢٧١١ى كوردية .
٢١/ذوالـقـعـــــدة/١٤٣٢ى هجرية .

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم ( ٢٩ ) لسنة ٢٠١١**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل وبناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٥) في ٢٠١١/١٠/٤ قررنا إصدار :

**قانون رقم ( ١٦ ) لسنة /٢٠١١**
**قانون التعديل الأول لقانون تأمين السكن للمواطنين في أقليم كوردستان – العراق**
**رقم ( ٧ ) لسنة ٢٠٠٨**

**المادة الأولى :**

تضاف فقرة بتسلسل ( ثالثاً ) الى المادة الثانية من القانون وكالآتي :

**ثالثاً :** تلتزم الجهات ذات العلاقة بتأمين الخدمات الأساسية للوحدات السكنية .

**المادة الثانية :**

تعدل المادة الثالثة من القانون وتقرأ كالآتي :

يشترط على طالب التملك :

**أولا :** أن يكون من مواطني إقليم كوردستان – العراق و ساكناً فيه .

**ثانيا :** أن لا يملك شقة أو دار سكنية على وجه الاستقلال .

**ثالثا :** أن لايكون مستفيداً من أي مشروع سكني آخر في الاقليم .

**رابعا :** أن لا يكون مستفيداً من السلفة العقارية المقدمة من حكومة الاقليم .

**المادة الثالثة :**

**أولا :** تلغى الفقرة (أولا) من المادة الرابعة من القانون ويحل محلها ما يلي :

(أولا: تعلن وزارة الاعمار والاسكان عن بيعها الوحدات السكنية ( شقق و دور سكنية ) للمواطنين من ذوي الدخل المحدود وبدون دفع مقدمة ويقدم طلب الشراء الى رؤساء الوحدات الادارية وتنظر في الطلبات وفق ضوابط تحددها الوزارة بالتنسيق مع المحافظات )

**ثانياً :** تعدل الفقرة (ثانياً) من المادة وتقرأ كالآتي :

يسدد طالب التملك بدل شراء الشقة أو الدار السكنية الذي يترتب بذمته بأقساط شهرية أو سنوية خلال مدة لاتزيد على خمس وعشرين سنة .

**المادة الرابعة :** تكون اصل المادة الخامسة من القانون الفقرة (ثانياً) لها وتضاف اليها ثلاث فقرات بتسلسلات (أولاً) و (ثالثاً) و (رابعاً) و كالآتي :

**أولاً:** تخصص حكومة اقليم كوردستان – العراق مبلغاً سنوياً ضمن الموازنة العامة للاقليم لتأمين بناء الوحدات السكنية تنفيذاً لأحكام هذا القانون .

**ثالثاً :** يؤسس صندق باسم (صندوق الاسكان) في وزارة الاعمار والاسكان وتودع فيه سنوياً المبالغ المخصصة ضمن الموازنة العامة للاقليم لديمومة بناء الوحدات السكنية ويتمتع بالشخصية المعنوية ويحدد بنظام مجلس ادارته ورئاسته وكيفية اتخاذ قراراته .

**رابعاً :** يودع في الصندوق مايتم استرداده من المبالغ وفق ما هو منصوص عليه في المادة ( الرابعة / ثانياً ) من هذا القانون .

**المادة الخامسة :**

تعدل المادة السادسة من القانون ، وتقرأ كالآتي :

تلتزم وزارة الاعمار والاسكان ببناء الوحدات السكنية ( الشقق في مراكز المحافظات ) و ( الشقق و دورسكنية في الاقضية و النواحي ) وتسليمها خلال مدة لاتتجاوز سنتين من تاريخ المباشرة ببناء الوحدات السكنية .

**المادة السادسة :**

تعدل المادة السابعة من قانون وتقرأكالآتي :

تسجل الشقة أو الدار السكنية بأسم طالب التملك في دائرة التسجيل العقاري المختصة ملكاً صرفاَ ومرهونة رهناً تأمينياً لصالح الوزارة لحين تسديد القسط الأخير من البدل مع مراعاة الفقرة ( ثالثاً من المادة ( الرابعة ) من هذا القانون .

**المادة السابعة :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة كل حسب اختصاصه إصدار الانظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة الثامنة :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة التاسعة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .

**مسعود بارزانى**
**رئيس اقليم كوردستان – العراق**

**هـــــەولـــير :**

١٩/تشرين الاول /٢٠١١ى ميلادية .
٢٧/رەزبـــــــــەر/٢٧١١ى كوردية .
٢١/ذوالـقـعـــــدة/١٤٣٢ى هجرية .

**الاسباب الموجبة**

لكل شخص الحق في مستوى معيشي كاف لحياة كريمة بما في ذلك السكن ولتأمين السكن الملائم لمواطني الاقليم من ذوي الدخل المحدود دون دفع أية مقدمة ولمعالجة أزمة السكن بقيام حكومة الاقليم ببناء الوحدات السكنية ، فقد شرع هذا القانون

بسم الله الرحمن الرحيم

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة الاقليم
الرئيس

باسم الشعب
قرار
رقم (٣٠) لسنة ٢٠١١

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل وبناءاً على ماشرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٥) في ٢٠١١/١٠/٤ قررنا إصدار:

**قانون رقم (١٧) لسنة ٢٠١١**

**قانون إنفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي رقم (٣٠) لسنة ٢٠٠٧ في اقليم كوردستان – العراق**

**المادة الأولى :**

إنفاذ قانون اصول المحاكمات الجزائية العسكري العراقي رقم (٣٠) لسنة ٢٠٠٧ في اقليم كوردستان – العراق والعمل باحكامه فيما يخص قوات الپيشمەرگه (حرس الأقليم) .

**المادة الثانية :**

تحل مؤسسات الاقليم ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب أينما ورد ذكرها في القانون .

**المادة الثالثة :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة الرابعة :**

لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون .

**المادة الخامسة :**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (ثلاثين) يوماً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان – العراق**

**هـــــەولـــير :**

١٩/تشرين الاول /٢٠١١ى ميلادية .
٢٧/رەزبــــــــەر/٢٧١١ى كوردية .
٢١/ذوالقـعــــدة/١٤٣٢ى هجرية .

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم ( ٣١ ) لسنة ٢٠١١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل وبناءاً على ماشرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٥) في ٢٠١١/١٠/٤ قررنا إصدار:

**قانون رقم ( ١٨ ) لسنة ٢٠١١**

**قانون إنفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي رقم ( ١٩ ) لسنة ٢٠٠٧ في اقليم كوردستان – العراق .**

**المادة الأولى :**

إنفاذ قانون العقوبات العسكري العراقي رقم (١٩) لسنة ٢٠٠٧ في اقليم كوردستان – العراق والعمل باحكامه فيما يخص قوات البيشمەرگە (حرس الأقليم) .

**المادة الثانية :**

تحل مؤسسات ودوائر الاقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب أينما ورد ذكرها في القانون .

**المادة الثالثة :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة الرابعة :**

لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون .

**المادة الخامسة :** ينفذ هذا القانون بعد مضي (ثلاثين) يوماً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان – العراق**

**هــــەولـــێر :**

١٩/تشرين الاول /٢٠١١ى ميلادية .
٢٧/رەزبـــــــەر/٢٧١١ى كوردية .
٢١/ذوالـقـعــــدة/١٤٣٢ى هجرية .

## بسم الله الرحمن الرحيم

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم : ١٨١٧ فى ٢٠١١/١٠/٣١**

## باسم الشعب

## قرار رقم (١٩) لسنة ٢٠١١

استناداً لحكم الماده (٣٨) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، والحاقاً بالقرار المرقم (١) في ٢٠٠٩/١٠/٦ ، قرر البرلمان بجلسته المرقمة (٩) والمنعقدة بتأريخ ٢٠١١/١٠/٢٥ مايلي :

**اولاً :** قبول استقالة السادة اعضاء برلمان كوردستان – العراق من عضوية لجنة النزاهة :

١- د. بشير خليل حداد .

٢- عبدالقادر اكرام جميل عبدالصمد .

٣- سەرهەنگ فرج محمد محمود .

٤- د. سەروەر عبدالرحمن عمر .

**ثانياً :** ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في ٢٠١١/١٠/٢٥ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**محمد قادر عبدالله**

**( د.كەمال كەركووكی )**

**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

**مـجلس الـقـضاء**

**رقم : ٢٢٠٠ في ٢٠١١/١٠/١٩**

استناداً الى احكام الفقرة سادساً من المادة (٣٤) من قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان – العراق رقم ٢٣ لسنة ٢٠٠٧ فقد قرر مجلس قضاء اقليم كوردستان اصدار النظام التالى :-

**نظام رقم ( ١ ) لسنة ٢٠١١**

**تعديل النظام الداخلي لمجلس قضاء اقليم كوردستان – العراق**

**رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٨**

**المادة ( ١ ) :** تلغى المادة السادس من الفصل السادس من النظام و تحل محلها مايأتى :-

**المادة ( ٦ ) :**

يرأسه مدير عام حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون و له خدمة لا تقل عن خمسة عشرة سنة ويتم تعينه بناء على ترشيح من مجلس القضاء و يعاونه عدد من الموظفين يتولى تنظيم اعمال المجلس و تحضير مناهجه و تلخيص القضايا المعروضة و تبليغ قراراته و ترتبط به :-

مديرية شؤون القضاة : يرأسها موظف بدرجة مدير و يعاونه عدد من الموظفين / و تتكون هذه المديرية من التشكيلات التالية :-

١. قسم ذاتية القضاة :

أ. شعبة الذاتية .

ب. شعبة الاضابير .

ج. شعبة الكومبيوتر .

د. شعبة الايفاد و السفر للقضاة .

٢. قسم الترقية و الترفيع :

أ. شعبة الترفيع .

ب. شعبة الترقية .

ج. شعبة البحوث القانونية .

٣. قسم الملاكات :

أ. شعبة الملاكات .

ب. شعبة التعينات و شؤون التقاعد .

**المادة ( ٢ ) :** تلغى المادة (٧) من الفصل السابع من النظام و تحل محلها مايأتى :-

**المادة ( ٧ ) :**

تشكل المديريات التالية في المجلس و ترتبط بالرئيس أو احد نوابه أو أحد القضاة أو مدير عام مكتب المجلس عند تخويله اياه من قبل الرئيس :-

**اولا :** مديرية مكتب رئيس المجلس : يرأسها موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون و يعاونه عدد من الموظفين و يتفرع منها قسم القلم السري .

**ثانياً :** مديرية شؤون الموظفين :

١. قسم شؤون الموظفين .

أ. شعبة ذاتية الموظفين .

ب. شعبة الاضابير .

ج. شعبة الطابعة.

د. شعبة الصادرة و الواردة.

٢. قسم الملاكات :

أ. شعبة التعينات .

ب. شعبة التقاعد .

٣. قسم الترفيعات :

أ. شعبة الترفيعات .

ب. شعبة احتساب الخدمات .

**ثالثاً :** مديرية شؤون الادارية :

١. شعبة الادارة .

٢. شعبة المخزن .

٣. شعبة الفنية .

٤. شعبة الصيانة .

٥. شعبة الاستعلامات .

**رابعاً :** مديرية مركز الاعلام – و تتكون من :

١. شعبة الاعلام .

٢. شعبة المجلات .

٣. شعبة المكتبة .

٤. شعبة IT .

**خامساً :** مديرية العلاقات و الشؤون القانونية – وتتكون من :

١. شعبة مكتب التنسيق مع مجلس القضاء الاعلى .

٢. شعبة العلاقات خارج اقليم .

٣. شعبة العلاقات داخل اقليم .

٤. شعبة الترجمة .

٥. شعبة الشؤون القانونية .

**سادساً :** مديرية الشؤون المالية و تتكون من :

١. شعبة المحاسبة .

٢. شعبة الرواتب .

٣. شعبة الموازنة .

٤. شعبة المتقاعدين .

٥. شعبة المصروفات .

٦. شعبة المتابعة .

٧. شعبة الطابعة .

**سابعاً :** مديرية شؤون التدقيق وتتكون من :

١. شعبة التدقيق .

٢. شعبة هيئة التدقيق .

**ثامناً :** مديرية التخطيط و الاحصاء وتتكون من :

١. شعبة التخطيط .

٢. شعبة الاحصاء .

٣. شعبة المشاريع .

**المادة (٣ ) :** ينفذ هذا النظام من تاريخ اقراره في المجلس بتاريخ ٢٠١١/٩/١٣ وينشر في جريدة وقائع كوردستان .

**أحمد عبدالله زبير**
**رئيس مجلس قضاء اقليم كوردستان**

**رئـاسـة مـجلس الـــوزراء**
**رقم : ٢٦٢٠ في ٢٠١١/١٠/١٩**

## تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١١
## تعليمات اطفاء الاراضي الزراعية

استناداً الى الصلاحية المخولة بموجب أحكام المادة الخامسة من قانون إطفاء و إفراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم (٣) لسنة ١٩٩٨ المعدل بقانون رقم (٥) لسنة ٢٠٠٧ ، وفي ضوء أحكام قانون توحيد أصناف أراضي الدولة رقم ٥٣ لسنة ١٩٧٦ المعدل ، أصدرنا التعليمات التالية :

**اولاً:**

يمنع إفراز الأراضي الزراعية أو البساتين ، مهما كان صنفها ، الواقعة خارج حدود المرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الأساسية لأغراض غير زراعية ، وتستثنى من ذلك المشاريع الحكومية والمشاريع الإستثمارية التي تجاز وفق أحكام قانون الإستثمار رقم (٤) لسنة ٢٠٠٦ بما لايتعارض مع الإستعمالات المقررة لتلك الأراضي بموجب التصاميم الأساسية وبعد موافقة المديرية العامة للزراعة في المحافظة والدائرة المعنية في وزارة البلديات والسياحة تبعا لموقع الأرض

**ثانياً :**

يمنع إفراز الأراضي الزراعية والبساتين الواقعة ضمن المرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الأساسية لأغراض غير زراعية إذا كانت التصاميم المذكورة تقرر لها إستعمالات زراعية ولا يمنع ذلك من إفرازها لأغراض الزراعة او البستنة .

**ثالثاً :**

يجوز إفراز الأراضي المملوكة ملكاً صرفاً للأشخاص الطبيعية او المعنوية الخاصة والتي تشير سنداتها الى كونها غير زراعية ، اذا كانت واقعة ضمن حدود المرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الأساسية ، وبما لا يتعارض مع الإستعمالات المقررة لها .

**رابعاً:**

تشكل بأمر من رئاسة مجلس الوزراء لجنة برئاسة ممثل عن وزارة البلديات والسياحة لاتقل درجته عن مدير عام وعضوية ممثلي كل من الجهات المشار اليها أدناه للاشراف على عمليات إطفاء الأراضي الزراعية الواقعة ضمن المرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الأساسية والتي تتم من قبل (لجنة الاطفاء وتقدير الحقوق التصرفية ) ومعالجة المشاكل التي قد تعيق عمليات الاطفاء ، وذلك حسب قانون إطفاء وإفراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم (٣) لسنة ١٩٩٨ المعدل بقانون رقم ٥ لسنة ٢٠٠٧ واستناداً الى الاجراءات والأحكام الواردة في قانون توحيد أصناف أراضي الدولة رقم (٥٣) لسنة ١٩٧٦ المعدل مع مراعاة التصميم الأساسي للمحافظة :

١- وزارة الزراعة والمصادر المائية .

٢- وزارة العدل .

٣- وزارة التخطيط .

٤- وزارة المالية و الاقتصاد .

٥- وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية بالنسبة للأراضي الموقوفة المشمولة بأحكام هذه التعليمات .

٦- وممثل عن هيئة الإستثمار بالنسبة للأراضى التي تخصص للمشاريع الإستثمارية وفق قانون الإستثمار النافذ .

٧- ممثل عن المحافظة المعنية .

٨- ممثل عن الجهة الطالبة للاطفاء .

**خامساً :**

تشكل بأمر من وزير الزراعة والمصادر المائية لجنة أو أكثر في كل محافظة تسمى (لجنة إطفاء و تقدير الحقوق التصرفية) برئاسة مدير عام الزراعة في المحافظة على ان تضم في عضويتها ممثل عن كل من وزارات (البلديات والسياحة / مديرية التخطيط العمراني في المحافظة ، العدل / مديرية التسجيل العقاري في المحافظة ، وزارة المالية والاقتصاد / مديرية عقارات الدولة في المحافظة ) وممثل عن الاتحادات والجمعيات الفلاحية لغرض إجراء الكشوفات والإطفاء وتقدير وتحديد حصة كل من البلدية وصاحب حق التصرف أو صاحب الملك الصرف الزراعي حسب القوانين والتعليمات النافذة ، وذلك بالإستعانة بعدد من المساحين من الجهات المعنية ، وتتحمل البلدية ذات العلاقة جميع مصاريف المسح والإفراز .

**سادساً :**

أ. يعوض أصحاب حق التصرف بقطع سكنية مفرزة (ضمن حدود البلدية المعنية حصراً) بنسبة تعادل (١٢٪) من مجموع مساحة الأراضي المطفأ حق التصرف فيها ويسجل بأسمه ملكاً صرفاً كعرصة معدة للسكن ، وذلك استناداً الى الفقرة (٢) من المادة الثانية من قانون إطفاء و إفراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم (٣) لسنة (١٩٩٨) المعدل بقانون رقم ٥ لسنة ٢٠٠٧ .

ب. يعوض أصحاب الأراضي الزراعية المملوكة ملكاً صرفاً للأشخاص بقطع سكنية مفرزة (ضمن حدود البلدية المعنية حصراً) و بنسبة تعادل (٢٠٪) من مجموع مساحات الأراضي التي يتم تمليكها و تسجل بأسمه ملكاً صرفاً كعرصة معدة للسكن استناداً الى الفقرة (٢) من المادة الثالثة من قانون إطفاء وإفراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم (٣) لسنة (١٩٩٨) المعدل بقانون رقم ٥ لسنة ٢٠٠٧.

**سابعاً :**

أ. اذا كانت مساحة الأراض المراد إطفاء حق التصرف فيها تقل عن (دونم واحد) وتقع داخل حدود البلديات و انتفت عنها الصفة الزراعية بواقع حالها ، فيعوض صاحب حق التصرف فيها نقداً وبنسبة ١٢٪ من قيمتها التي تقدر من قبل (لجنة إطفاء و تقدير الحقوق التصرفية) .

ب. اذا كانت مساحة الأرض الزراعية المملوكة ملكاً صرفاً تقل عن دونم واحد وانتفت عنها الصفة الزراعية بواقع حالها فيعوض صاحبها نقداً و بنسبة ٢٠٪ من قيمتها التي تقدر من قبل (لجنة إطفاء وتقدير الحقوق التصرفية) .

**ثامناً :**

في حالة وقوع الآراضي الزراعية المملوكة للدولة أو المسجلة ملكاً صرفاً للأشخاص الطبيعية او المعنوية الخاصة على محاور تجارية فيعوض أصحابها ضمن تلك الأراضي و حدود البلدية المعنية حصراً .

**تاسعاً :**

جميع الأراضي داخل حدود البلدية الواقعة ضمن مرحلة قيد التنفيذ التي تشير سنداتها كونها زراعية تكون مشمولة بقانون إطفاء وإفراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم (٣) لسنة (١٩٩٨) المعدل بقانون رقم ٥ لسنة ٢٠٠٧ .

**عاشراً :**

في حالة تعذر تعويض أصحاب الحقوق التصرفية أو صاحب الملك الصرف الزراعي التي يكون جنسها زراعية بقطع سكنية ضمن حدود قطعهم ، فيتم التعويض عنها بقطع سكنية أخرى داخل حدود البلدية المعنية بما يعادل قيمة حصتهم في قطعهم الأصلية و التي تقدر من قبل (لجنة إطفاء وتقدير الحقوق التصرفية) .

**الحادي عشر :**

يتم تعويض أصحاب الحقوق التصرفية و أصحاب الأراضي عن المغروسات و المنشاءات المقامة على أراضيهم نقدا بعد تقديرها وفق القواعد المنصوص عليها في قانون توحيد اصناف أراضي الدولة رقم (٥٣) لسنة ١٩٧٦ و التعليمات الصادرة بموجبه .

**الثاني عشر :**

وصولاً الى التعويض العادل ، يحق لأصحاب العلاقة الاعتراض على قرارات اللجان المختصة المنفذة لاحكام قانون إطفاء وإفراز الأراضي داخل حدود البلديات رقم (٣) لسنة ١٩٩٨ المعدل بقانون رقم ٥ لسنة ٢٠٠٧ لدى محكمة بداءة موقع العقار خلال مدة (١٥) خمسة عشر يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ، و يكون قرار المحكمة باتا ، و على المحكمة النظر في تلك الاعتراضات على و جه الاستعجال .

**الثالث عشر :**

يتم التصديق على التصاميم القطاعية وفق احكام قانون ادارة البلديات في اقليم كوردستان رقم (٦) لسنة ١٩٩٣ المعدل والتعليمات النافذة ، على ان تراعى التصاميم الاساسية المصدقة و معايير التخطيط العمراني المعتمدة قانوناً ، واي تغيير يحصل في التصاميم القطاعية يجب ان يكون حسب القوانين والتعليمات النافذة وبعد المصادقة النهائية من قبل الجهة المختصة قانوناً .

**الرابع عشر :**

يستمر العمل بأحكام قانون توحيد أصناف أراضي الدولة رقم ٥٣ لسنة ١٩٧٦ المعدل والتشريعات و القرارات والتعليمات النافذة والتي لا تتعارض مع أحكام هذه التعليمات .

**الخامس عشر :**

أصدرت هذه التعليمات بتاريخ /  / ٢٠١١ وتنشر في جريدة وقائع كوردستان .

**د. برهم احمد صالح**
**رئيس مجلس الوزراء**